نامەی هاوپێچ - بانگهێشتن بۆ پشکنینی تەندروستی

ئێمە کاتمان گرتووەتەوە بۆ ئەتۆ بۆ لێکۆلینەوەی تەندروستی لە لای پەرەستارێک. سەیری کاغەزەکەی دیکە بکە بۆ زانینی کات و شوێن. تۆ ئەم داوەتنامەیە وەردەگریت چونکە تۆ تازە هاتوویت بۆ سوید.

مەبەستی لێکۆلینەوەکەی تەندروستی پێداچوونەوەی دۆخی تەندروستیتە بۆ ئەوەی یارمەتیت بدەین کە تا دەکرێت ساخ بیت. پشکنینی تەندروستی بریتییە لە گفتوگۆ دەربارەی تەندروستی تۆ و نموونەوەرگرتن. پێویست ناکات بەڕۆژوو بیت. وەرگێڕێک بە زمانی خۆت بۆت دانراوە. وەرگێڕەکە ئەرکی نهێنی پارێزیی هەیە.

پشکنینی تەندروستی پێشنیازە و بەشداریکردن لێی ئارەزومەندانەیە. پشکنینی تەندروستی بەخۆڕاییە و نزیکەی سەعاتێک دەخایەنێت. ئەگەر ناتوانیت یان ناتەوێت ئامادە بیت، داوات لێ دەکەین کاتەکە بگریتەوە یان وەختەکە هەڵبوەشێنیتەوە.

ئەنجامی پشکنینی تەندروستی کاریگەری لەسەر ئیمکانی مانەوەت لە سوێد ناکات. دەزگای کۆچ لە سوید ناتوانێ ئەنجامی پشکنینەکە ببینێت.

ئەوەی کە دەبێت لەگەڵ خۆ بهێنیت بۆ سەردانەکە: ناسنامە، کارتی LMA، پاسپۆرت یان کارتی ئیقامە .

ئەگەر بەڵگەنامەی کوتانی پێشووتان هەیە، دەتوانی لەگەڵ خۆت بیانهێنیت .

ناوی ئەو پەرستارەی کە چاوت پێ دەکەوێت، بەروار و کات، لەسەر کاغەزەکەی تر دەبینیت. لەوێش دەتوانیت ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆنی ئێمە ببینیت .

بەخێربێیت!